# چارڵس بوکۆفسکی،
# شاعیری سەعلووکەکانی
# لۆس ئەنجلسی ئەمریکا

له ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)



**شیعر**

بۆ نووسینی
چەند شیعرێکی پوخت
گەلێ نائومێدی و
بێزاری و
بەدبەختی پێویستن
ئەویش
نە بۆ هەموو کەسێک
دەنووسرێ و
نە بۆ هەموو کەسێکیش
دەخوێنرێتەوە.

**ئێستا**

گەیشتن بە ئەمڕۆ و
پێنانە نێو ئەم تەمەنە زۆرەوە
دەیەکان تێپەڕین
بێ ئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڕاستی
ئەهریمەنم تووش ببێ
بێ ئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڕاستی جیاوازم
تووش ببێ
بێ ئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڕاستی چاکم
تووش ببێ
بە پێنانە نێو ئەم تەمەنە زۆرەوە
دەیەکان تێپەڕین و
بەیانیانیش تا تۆ بڵێی خراپترن.

**با پێت بڵێم**

دۆزەخ بە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ

نەک خێرا
پارچە پارچە و
خشت بە خشتی
بە چواردەورت هەڵچنرا.
ئێمە بەدەستی خۆمان
دۆزەخمان
بۆ خۆمان دروست کردووە و
گلەییش لە خەڵکانی تر دەکەین.
بەڵام دۆزەخ هەر دۆزەخە
پڕ بەپێستی وشەی دۆزەخ هەر دۆزەخە
دۆزەخی من و
دۆزەخی تۆ و
دۆزەخی ئێمە
دۆزەخ، دۆزەخ، دۆزەخ
گۆرانی دۆزەخ
سەر لە بەیانی پێڵاوەکانت لە پێ بکە
ئەی دۆزەخ.

**جەنگ**

جەنگ، جەنگ، جەنگ
ئەژدیهایەکی زەردی
عەقڵ و جەستەخۆرە
جەنگ،
شتێکە لە وەسف نەهاتوو
چێژێکە لەتووڕەیی،
دوا چەڵتەچەڵتی پیاوێکی عەقڵ ساوایە.

جەنگ هی ئێمەیە؟
ئێمە بەرپاکەری جەنگین؟
لەگەڵ نزیکتر بوونەوەمان
لە دواترووسکەی دەرفەتمان
تاقە گوڵێک مایەوە
تاقە چرکەیەک
هەناسەیەکی لەم جۆرە.

**باران**

سەمفۆنیای ئۆرکێسترایە.

**چ نووسەرێک بوو**

ئەوەی ئێ ئێ کەمینگزم لا دڵگیر دەکات
دەهات لە پیرۆزی وشەی دەبڕی و
زۆر بە جوانی و لێزانانە
دێڕەکانی نیشان دەداین
جوان و تەڕپۆش

چی پێ دەویست، ئەوەی دەکرد
ئێمەش لەنێو
سەرما و ماندوێتی
هەڵدەوەراین
ئینجا بێگومان لاسایی کەرەوەکانی دەهاتن
لاساییان دەکردەوە
وەک ئەوانەی لاسایی کیتس و شیلی و
سوینبێرنس و باریۆنیان و تادواییان دەکردەوە (٣)

بەڵام تەنیا یەک ئێ ئێ کەمینگز هەبوو
یەک هەتاو
یەک مانگ
یەک شاعیری لەو جۆرە.

**هاودەم**

من تەنیا نیم
ئەوەتا لێرەیە
هەندێک جار هەست دەکەم
ڕۆیشتووە
دوایی سەرلەبەیانی
یان نیوەڕۆ

یان بە شەو
لە شەقەی باڵ دەدا و دێتەوە
ئەو باڵندەیە کەس نایەوێ
لە من زیاتر
ئەوە باڵندەیە، باڵندەی منە
باڵندەی ناسۆرییە
گۆرانی ناڵێ
ئەو باڵندەیە
لەسەر لقی دارەکە لارە لاریەتی.

### کاتێک شیعر خۆی لە هەزاران شیعر دەدا

کاتێک شیعر خۆی لە هەزاران شیعر دەدا
ئەوسا هەست دەکەی
داهێنانت زۆر کەم بووە.

### عەشق و ناوبانگ و مردن

لە دەرەوەی پەنجەرەکەم دادەنیشێ و لێم دەڕوانێ
وەک کەنەفتەژنێک بیەوێ بچێ بۆ بازاڕ
دادەنیشێ و لێم دەڕوانێ
لە میانی تەل و تەم و وەڕینی سەگەوە
بە شپرزەییەوە ئارەقە دەتکێنێ
تا لەناکاو ڕۆژنامەیەک دەکێشم بە شاشەکەدا
ڕێک وەک کوشتنی مێشێک
ئەوسا گوێت لە هاوارێک دەبێ
بەسەر ئەم شارە بێکەسە و
پاشان دەڕوا.
کۆتایی هێنانی شیعرێک بەم شێوازە
بێدەنگییەکی لە ناکاو دەخولقێنێ.

### هەندێک کەس

هەندێک کەس هەرگیز شێت نابن
بەس من، هەندێک جار لە پشت قەنەفەکەوە
بۆ سێ چوار ڕۆژ پاڵ دەکەوم.

لەوێدا دەمدۆزنەوە
دەڵێن ئەوە فریشتەکەیە
ئینجا شەراب دەکەن بە گەرووەمەوە
سنگم ڕۆن پرژێن دەکەن و دەمشێلن. (٤)

هێنری چارڵس بوکۆفسکی؛ شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ئەمریکی، لە شازدەی ئابی ساڵی ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا هاتووەتە دنیاوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم شاعیرە بریتین لە هەزاران شیعر و سەدان کورتە چیرۆک و شەش ڕۆمان، کە زۆربەیان ڕوو بە خەڵکی هەژاری ئەمریکان. یەکێک بووە لەو شاعیرە زۆر تایبەتانەی کە لە مێژووی ئەمریکادا جارێکی دی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. ئەم شاعیرە لەسەر گۆشە تایبەتەکەی (تێبینییەکانی پیرەپیاوێکی کەنەفت) نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی پەروەندەی تایبەتی بۆ دەکاتەوە. بوکۆفسکی لە دایکێکی ئەڵمانی و باوکێکی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٩٢٣ ئەم خانەوادەیە لە ئەڵمانیاوە دەچنە ئەمریکا و پاش ماوەیەک لە ناوەندی باشووری لۆس ئەنجلس جێگیر دەبن ، لەو گەڕەکەی کە پێشتر باوک و باپیری بوکۆفسکی کاریان لێ کردووە و تێیدا ژیاون. ئەم شاعیرەی ئەمریکا باوکێکی بێکار و تووڕەی دەبێ و لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە زۆر ئەشکەنجەی بوکۆفسکی دەدات و ئەم گەنجە هەست ناسکەش هەر زوو تێکەڵ بە دنیای خواردنەوە دەبێ. دوای قۆناغی ئامادەیی، بوکۆفسکی بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێتە کۆلیژی لۆس ئەنجلس و ئەدەب و هونەر و ڕۆژنامەگەری دەخوێنێ. لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا یەکەمین کورتەچیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە هەرەتی لاویدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت. لە سەرەتای دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو لە فەرمانگەی پۆست

دادەمـەزرێ. لەمـاوەی ژیانیـدا چەنـدان جـار کارەکـەی دەگۆڕێـت. سـاڵی ١٩٥٧ لەگـەڵ ژنـە شـاعیر بەربـەرا فـرای هاوسـەرگیری دەکات و دوای دوو سـاڵ لەیەکتـر جیـا دەبنــەوە. لــە ســاڵی ١٩٦٩ لەلایــەن «بــلاک سـپارۆ پرێس»ـەوە کاری پێ دەدرێ.(١) بوکۆفسـکی لەگـەڵ خواردنـەوەدا دەژێـت و خواردنـەوە کاریگـەری زۆری بەسـەر ژیانـی کۆمەڵایەتـی و نووسـینەکانییەوە دەبێــت. ســاڵی ١٩٧٦ دووبــارە هاوســەرگیری دەکاتــەوە، ئیتـر بوکۆفسـکی لـە نێـوان خواردنـەوە و نووسـیندا ڕۆژەکانـی ژیانـی بەسـەر دەبـات، تـا لـە ٩ی ئـازاری سـاڵی ١٩٩٤ بـە نەخۆشـی لوکیمیـا کـۆچ دەکات. بوکۆفسـکی ڕاسـتگۆیانە گوزارشـت لـە خـۆی دەکات و گەورەتریـن ڕاسـتگۆیی لـە نووسـینەکانیدا بــەدی دەکرێــت. ڕاســتگۆییەکەی بوکۆفســکی لــە بەرجەسـتەکردنەوەی ئینسـانیەتی ئینسـان لـە شـیعر و نووسـینەکانیدا لـە خراپتریـن حاڵـەت و دۆخـی تێکشــکان و کارەســاتئامێزیدا ڕەنــگ دەداتــەوە. نووسـینەکانی بوکۆفسـکی لـە پێوەندییەکـی بەهێـزدان لەگـەڵ خەڵـک، لەگـەڵ ئـەو مرۆڤانـەی کـە ڕەنگـە هەر ئاگایـان لـە نووسـین و ئێمـە و بوکۆفسـکی نەبێـت. کـرداری نووسـین لای بوکۆفسـکی لـە نێـوان دوو جەمسـەریی مـرۆڤ و کاری نەکـردەدا لـە هاتوچۆدایـە و بەهاکەشــی بەهیــچ ناخەملێنــرێ. ئەگەرچــی بوکۆفسـکی خـۆی زۆر بـە ئاگاییـەوە شـوێنی ژیانـی دەسـتەبەرکردووە و ئـاگاداری پـارەی خـۆی بـووە و زانیویەتـی چۆنـی خـەرج بـکات و هیـچ کاتێـک و هیـچ شـەوێ لەسـەر شـەقامەکانی شـار نەماوەتـەوە و سـەعلووک نەبـووە، بـەڵام سـەرجەم بەرهەمەکانـی ڕەنگدانـەوەی ژیانـی سـەعلووکەکانی لـۆس ئەنجلس و ئەمریـکان و دەتوانیـن بـە نووسـەری سـەعلووکەکانی ناوببەیـن.(٢)

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(١) بلاک سـپارۆ پرێس؛ دەزگای چاپ و بڵاوکرانەوەی بـلاک سـپارۆ لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە لایـەن جـان مارتینـەوە لـە لـۆس ئەنجلسـی کالیفۆرنیـا دامـەزراوە تـا بەرهەمەکانـی چارڵـس بوکۆفسـکی و نووسـەرە پێشـڕەوەکانی دیکـەی ئەمریـکا بڵاوبکاتـەوە. دوای زیاتـر لـە ٣٥ سـاڵ و چاپکردنـی نزیکـەی ٧٠٠ کتێب، جـان مارتیـن دەزگاکـەی لـە سـاڵی ٢٠٠٢ فرۆشـت.

(٢) بۆ نووسـینی ئەم کورتە ژیاننامەیەی بوکۆفسکی سـوودم لەم سـەرچاوەیە وەرگرتووە.

http://en.wikipedia.org/wiki/Charles_Bukowski

(٣) ئـێ ئـێ کەمینگـز؛ شـاعیر و وێنەکێـش و شـانۆنامەنووس و نووسـەری ئەمریکـی ١٨٩٤- ١٩٦٢

کیتـس؛ جـان کیتـس شـاعیری ئینگلیـزی ١٧٩٥ — ١٨٢١

پێرسـی شـێلی؛ شـاعیری ڕۆمانتیکـی ئینگلیـز ١٧٩٢ — ١٨٢٢

ئەلگێرنـۆ چارڵـس سـوینبێرن: شـاعیر و ڕەخنەگـر و شـانۆنامەنووس و ڕۆماننووسـی ئینگلیـزی ١٨٣٧ — ١٩٠٩

جـۆرج گـۆردن بایـرۆن؛ شـاعیری ڕۆمانتیکـی ئینگلیزی ١٧٨٨ — ١٨٢٤

(٤) ئـەم شـیعرانەی سـەرەوەم لـەم دوو سـەرچاوەیەی خـوارەوە وەرگرتووە.

1-The Last Night of the Earth Poems
Charles Bukowski
An Imprint of Harper Collins Publishers
New York, USA 2002 page
94, 136, 147, 337, 338, 345.
2-http://www.poemhunter.com/poem/as-the-poems-go/